# باشووری کوردستان؛ کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی ساڵی 2003

ساڵی 2003، هەم بۆ باشووری کوردستان و هەمیش بۆ ئێراق و رۆژهەڵاتی نێوین، ساڵێکی پڕ گۆڕانکاری و رووداوی گرنگ بوو. بە تایبەت بۆ ئەو بەشەی کوردستان، دەشێ رووداوەکان بە رادەیەک کاریگەربن کە ئاییندەی چارەنووسی سیاسی و شێوازی بەڕێوەبردنی ئیداریی کوردەکان لەو بەشەی وڵاتدا دیاری بکەن.

کرۆکی رووداوەکان، یاخود ماکی وەگەڕخستنی پرۆسەی گۆڕانکارییەکان لە کوردستان و ئێراقدا، پراکتیزەکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بوون لە پرۆسەی ئازادیی ئێراق و رووخاندنی رژێمی سەدام حوسەیندا. ئەم پرۆسەیە کە دەبێتە دەستپێکی ئاڵوگۆڕێکی جددی لە سیاسەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، لە نێوچەکەدا و دەورانێکی نوێ لە کوردستان و ئێراقدا دەست پێ دەکات...

ـ لە سەرەتای ساڵدا، یان وردتر بڵێین: لە رۆژانی 26 ـ 28ی مانگی فیبریوەریدا، سەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئێراق، پاش ئەوەی ساڵی پێشوو لە کۆنگرەی لەندەندا، لەسەر خەسڵەت و سیما سەرەکی و گشتییەکانی سیستەمی سیاسی و ئیداریی ئێراقی پاش سەدام رێک کەوتبوون، گەیشتنەوە کوردستان و کۆنگرەی خۆیان لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بەست. لەو کۆنگرەیەدا، کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتی پێکهاتوو لە: مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی، عەبدولعەزیز ئەلحەکیم، ئەیاد عەلاوی، ئەحمەدچەلەبی و عەدنان پاچەچی هەڵبژێردران.

ـ لە 19ی مارسدا، ئۆپۆزسیۆنی ئێراق و لەنێو ئەوانیشدا: جەلال تاڵەبانی، نێچیروان بارزانی، دکتۆر بەرهەم ساڵەح، هۆشیار زێباری و فازیل میرانی بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن، گەیشتنە تورکیا. نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆن بە گشتی و نوێنەرانی کورد بە تایبەت، بۆ خاترجەم کردنی دەوڵەتی تورکیا و رەواندنەوەی ترس و نیگەرانییەکانی لەمەڕ پارچەکردنی خاکی ئێراق و درووست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کوردەکان، جەختیان کرد.

لێرەدا، کێشەی نێوان کورد و تورکیا لەمەڕ لەشکرکێشیی ئەو وڵاتە بۆ کوردستان، سەری هەڵ دا!.

ـ رۆژانی دیکەی مانگی مارس: لە سۆنگەی هەڕەشە و گوڕەشەی تورکیا بۆ سەر کوردستان و لە ئاکامی رێککەوتنێکی نێوان ئەو وڵاتە و ئەمەریکا کە پاشتر جێبەجی نەکرا، پارتیی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمیتەی باڵای سیاسیی هاوبەشیان پێک هێنا و ئامادەکارییان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هەر پێشهاتێکی چاوەڕوانکراو ساز کرد.

ـ لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی، خۆپیشاندانی ملیۆنی، دژ بە هاتنی سوپای تورکیا ساز کرا. کوردانی تاراوگەنشین، لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا، مانگرتن و خۆپیشاندانیان

ساز کرد و خەباتی ئاشتیخوازانەیان بۆ بەرگرتن بە سیاسەتی تورکیا دەرهەق بە کوردستان وەڕێ خست!.
ـ هەر لەم مانگەدا، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بەیاوەریی 5کەس لە ئەندامانی ئەو حیزبە، لە بازگەی تاسلوجەی نزیک شاری سلێمانی، دەستڕێژیان لێ کراو کوژران. پاشتر دەسگا بەرپرسەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایان گەیاند، کە رووداوەکە پلانڕێژ نەبووە و بە هەڵە رووی داوە.
ـ رۆژی 22ی مارس، هاوزەمان لەگەڵ موشەکباران کردنی شارەکانی بەغدا، موسڵ و کەرکوک لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە، بارەگای رێکخراوی کۆمەڵی ئیسلامی لە شارۆچکەی خورماڵ، وەبەر موشەکی دوورهاوێژ درا، وێڕای وێرانکردنی بارەگاکانیان، 45 چەکداری سەر بەو رێکخراوە ئیسلامییە کوژران.
ـ 23ی مارس، وێڕای بەردەوامیی جەنگ لە نێوچەکانی نێوەڕاست و خوارووی ئێراق، کوردستان ئارام بوو. هەڵویستی هێزە سیاسییە کوردییەکان دژ بە هاتنی سوپای تورکیا توند بوو. تورکیا، لەژێر فشاری هەڵویستی لێبڕاوانەی کورد و سیاسەتی خۆیان لەمەڕ هاوکاری نەکردنی ئەمەریکا لە جەنگی دژ بە ئێراقدا، پرۆژەی سەربازیی بەزاندنی سنووری کوردستانی وەستاند!.
ـ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە هاوکاریی هێزی موشەکی دوورهاوێژی ئەمەریکا و فڕۆکە جەنگییەکانی، هێرشی بۆ سەر بنکەکانی پشتیوانانی ئیسلام دەست پێکرد و لە ماوەی دوو رۆژدا، تەواوی ناوچەکانی هەورامانی لە هێزەکانی ئەو رێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوە پاک کردەوە. جێگای ئاماژەبۆکردنە، کە پشتیوانانی ئیسلام، لە رۆژی 8ی فیبریوەریدا و لە دانووستاندنێکی دۆستانەدا، شەوکەتی حاجی موشیر، ئەندامی سەرکردایتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دوو کەس لە یاوەرانی ئەویان تیرۆر کردبوو!.
ـ 9ی ئاپریڵ:نێوەندی شاری بەغدا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە کۆنترۆڵ کرا. هەرەس پێهێنانی گەورەترین پەیکەری دیکتاتۆر لە مەیدانی ئازادیدا، زەنگی رووخاندنی رژێمی سەدامی لێ دا و کۆتایی دەسەڵاتی 35ساڵەی بەعسی لە ئێراقدا، راگەیاند!.
ـ 10 ئاپریڵ: بەرەی جەنگ لە کوردستانەوە گڕی گرت!. شارەکانی کەرکووک، خانەقین، جەلەولا و شارۆچکەکانی دەوروبەریان، بە هاوکاری هێزەکانی کورد و هاوپەیمانان ئازاد کران.
ـ هەر لەم رۆژانەدا، ئاڵای کوردستان، لە شاری کەرکووک و تەواوی شارەکانی هەرێمی کوردستان هەڵکرا!.
ـ 11ی ئاپریڵ، شاری موسڵ ئازاد کرا.
ـ 13ی ئاپریڵ: جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رۆیشتە شاری کەرکووک و هاوکار لەگەڵ نوێنەرانی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و ئەمەریکییەکان،

کۆمیتەیەکی 21 کەسی لە کورد، عەرەب، تورکمانیان بۆ بەڕێوەبردنی شاری کەرکووک، بە شێوەیەکی کاتی هەڵبژارد.
ـ 17ی ئاپریڵ: یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ، لە نزیک شاری کەرکووک دۆزرایەوە، کە نزیکەی 3000 تەرمی قوربانیانی جینۆسایدی لەخۆ گرتبوو!.
21ی ئاپریڵ: پارلەمانی کوردستان، بە ئامادەبوونی بارزانی و تاڵەبانی کۆبوویەوە.
پارلەمانتارەکان، داوایان لە یەکێتی و پارتی کرد:
ـ موچەی فەرمانبەران کە بە هۆی جەنگەوە وەستابوو، دابەش بکرێتەوە.
ـ کۆتایی بە ململانێیی حیزبایەتی و شەڕەپەڕۆ، لە نێوچە تازەئازادکراوەکاندا بهێنرێت.
ـ تاڵەبانی، جەختی لەسەر ئێراقێکی فیدراڵی یەکگرتوو کردەوە و گوتی: ئێمە خەون بە دەوڵەتی کوردییەوە نابینین!.
ـ گارنەر: ئێراقی یەکگرتوو، یەک حکومەت و یەک لەشکری دەبێت!.
ـ 22ی ئاپریڵ: جای گارنەر، لێپرسراوی دەسەڵاتی سەربازی لە ئێراق، سەردانی هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی کرد و خەڵکی کوردستان بە چەپکەگوڵەوە پێشوازییان لێ کرد.
گارنەر گوتی: ئێوەی کورد، گەلێکی مەزنن و پاشەڕۆژێکی مەزن چاوەڕێتانە!!.
ـ 28ی نیسان: پارێزگار و ئەنجوومەنی شارەوانی لە شاری کەرکووکدا هەڵبژێردران.
کوردێک بە ناوی عەبدولڕەحمان موستەفا، بە کۆی بیست دەنگ، پۆستی پارێزگاری شاری کەرکووکی بردەوە. ئەنجوومەنی شارەوانیش: 6کورد، 6 عەرەب، 6تورکمان، 6کلدۆئاشووری و 6ئەندامی سەربەخۆ کە 5 لەوان کورد بوون.
هەمان رۆژ، پۆل برەیمەر، لێپرسراوی دەسەڵاتی مەدەنیی هاوپەیمانان لە ئێراق، سەردانی شاری هەولێری کرد و رۆژی داوتریش گەیشتە سلێمانی.
مانگی یونی:
ـ ئیدارەی کاتی هاوپەیمانان لە ئێراق، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای چەکدار و کۆکردنەوەی چەکی قورسی دەرکرد. ئەم بڕیارە، بە جۆرێ لە جۆرەکان لە کوردستانیشدا جێبەجێ کرا و سنوورێک بۆ بێسەروبەریی میلیشیای حیزبە سیاسییەکان دانرا.
ـ هێزەکانی ئەمەریکا، مەلاعەلی عەبدولعەزیز، رێبەری بزووتنەوەی ئیسلامییان لە شاری هەڵەبجەی شەهید دەستگیر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان برد. ناوبراو پاشی چەند رۆژ ئازاد کرا و حیزبەکەشی کۆنترۆڵ کرا!.
ـ مەلاعەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان، لەلایەن هێزەکانی ماریترەوە دەستگیر کراو تا ئێستاش بێ سەروشوێنە!.
مانگی یولی:
ـ ئەنجوومەنی حوکمی ئێراق، پێکهاتوو لە 25 ئەندام؛ 5کورد، 5سونی، 13شێعە، یەک کلدۆئاشووری و ژنەتورکمانێک، لەلایەن هاوپەیمانانەوە دانرا!.

له مانگەکانی دواتری ساڵدا:
ـ بەردی بناغەی فڕگەی نێودەوڵەتی، لە هەولێر دانرا.
ـ لە شارۆچکەی بەکرەجۆی نزیک شاری سلێمانی، بەردی بناغەی فڕگەیەکی نێودەوڵەتیی دیکە دانرا.
ـ کۆلن پاوڵ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، سەردانی کوردستانی کرد و مەزاری قوربانیانی گازی ژەهراوی لە هەڵەبجە ی شەهید، بەسەر کردەوە. پاوڵ، جەختی لەسەر ئەوە کرد، کە رۆژگاری جینۆساید، بۆ هەتایە لە کوردستاندا بەسەرچوو... هەڵەبجە هەرگیز دووبارە نابێتەوە!.
ـ کێشەیەک بە نێوی "کێشەی فایلەکان" لە کوردستاندا سەری هەڵدا. ئەویش پەردەهەڵماڵین بوو لەسەر دۆسییەی بەشێک لە سەرکردە و کادرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە پەیوەندیان لەگەڵ دەسگا سیخوڕییەکانی رژێمی بەعسدا هەبووە!!.
ـ هۆشیارزێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتیی کوردستان، بە وەزیری دەرەوەی ئێراق، دانرا. ناوبراو بوویە یەکەمین کوردێک لە مێژووی دەوڵەتی ئێراقدا کە وەها پۆستێکی پێ بسپێردرێت.
ـ 18ی سێپتامبەر: بیریار و کوردیزان و نووسەری زێدەدەرکەوتووی کورد، مامۆستا شوکر موستەفا، لە تەمەنی 81 سالیدا، لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.
مانگی نۆڤەمبەر:
جەلال تاڵەبانی، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکمی ئێراقی، بۆ ماوەی یەک مانگ وەر گرت. بەمەش، تاڵەبانی دەبێتە یەکەمین کوردێک لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقدا کە سەرۆکایێتیی ئەو دەوڵەتە بکات، ئەگەرچی بۆ تاکە مانگێکیش بێت!.
ـ 15 نۆڤەمبەر: پرۆتۆکۆڵی گواستنەوەی دەسەڵات لەنێوان دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان و ئێراقییەکاندا، مۆر کرا!. ئەم پرۆتۆکۆڵە، چەترێکی زەمەنی بۆ: گواستنەوەی دەسەڵات، دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی کاتیی ئێراقی، دانان و واژۆ کردنی یاسای بنچینەیی کاتی و دیاری کردنی شێوازی سیستەمی ئیداری و بەڕێوەبردن" لەسەر بنچینەی فیدراڵیزمی پارێزگاکان" لە خۆ دەگرێت. جەلال تاڵەبانی لەلایەن ئێراقییەکانەوە، وەکو لێپرسراوی ئەنجوومەنی حوکم، پۆل برەیمەر و دێڤید ریچمۆندیش لەلایەن هاوپەیمانانەوە، واژۆیان کرد!.
ـ 7ی دێسامبەر:
یەکەمین فڕۆکەی مەدەنی، لە فڕگەی نێودەوڵەتیی هەولێر نیشتەوە. ئەم فڕۆکەیە، ژمارەیەک لە نوێنەرانی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی جیهانیان هەڵگرتبوو کە بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی دامەزراندنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان و ئێراق، هاتبوونە کوردستان. ئەم رووداوە، دەشێ دەستپێکی وەدەرکەوتنی ئاسۆیەک بێت بۆ کردنەوەی

دەرگاکانی کوردستان بە رووی دنیای دەرەوەدا و دەشکرێ مانای وەگەڕکەوتنی پرۆسەیەکی نوێی ئابووری و سیاسی بێت لە کوردستاندا.
ـ هەر لەم مانگەدا، هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان "هەولێر و سلێمانی"، لە کۆنگرەیەکی فراواندا، لە شاری هەولێر یەکیان گرت!.
ـ 14ی دێسامبەر، وەکو رۆژێکی هەرە دیار، لە مێژووی ئێراق و کوردستاندا خۆی نواند. سەرلەبەیانیی ئەو رۆژە، مێدیاکانی جیهان، دیکتاتۆری بەدیلگیراوی ئێراقیان بە ریشێکی درێژی ئاشوفتەی چڵکن و پڵکنەوە، بە دنیا نیشان دا!. هێزە تایبەتەکانی ئەمەریکا، ئێوارەی 13ی دێسامبەر، لە بەر رۆشنایی زانیاریی ورد و باوەڕپێکرواوادا، کە لە کەسێکی نزیکی بنەماڵەی خودی سەدامەوە وەریان گرتبوو، ئەویان لە حەشارگەیەکی تایبەتی ژێرزەویدا، لە خانەباخێکی کەناری رووباری دیجلەدا، دەستگیر کردبوو!. دیلکردنی سەدام، بوویە گەورەترین رووداوی ئەو هەفتەیەی نێو مێدیاکانی جیهان. خەڵکی کورد، لە کوردستان و سەرتاسەری دنیادا، بەشایی و گۆڤەند، پێشوازییان لە زەلیل کردنی دیکتاتۆرێک کرد، کە بێوێنەترین ئازار و ئەشکەنجەیان لە سیستەمی حوکمڕانیی ئەو دیتبوو!.
ـ لە نیوەی دووەمی ساڵی 2003دا، بزووتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستانەوە رەوتی گرت. ئەم بزاڤە، سەرەتا، بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری ـ سیاسی بوو، کە لەگەڵ زەمەندا، خەریکە دەبێتە رەوتێکی سیاسی ـ جەماوەری بۆ رادەربڕینی ئازادانە لەسەر دیاری کردنی چارەنووسی کورد، لەو بەشەی کوردستاندا!.

ساڵی 2003، دەسەڵاتی سیاسیی کورد و هەردوو حکومەتەکەی، درێژەیان بە ژیانی دووپارچەیی دا و لەم ساڵەشدا یەکیان نەگرتەوە!!.
تێبینی:
ئەم کرۆنۆلۆژیایە، لەسەر داوای رادیۆی نێودەوڵەتیی سوید "زایەڵە" ئامادە کراوە!.
لێرەدا، بەپێی توانا، نۆرمە ستانداردەکانی کاری رۆژنامەوانی، لە بواری زمان و داڕشتندا لە بەرچاو گیراون!.

پشکۆ نەجمەدین